# بێدەنگی یا زۆربلێیی

"ئانتوان چۆخۆف"

و: کامیل نەجاری

هەبوو نەبوو زەمانی زوو جگە لە خوا کەسێك نەبوو، دوو رەفیق بە ناوەکانی "کریوگر" و "سمیرنۆف" دەژیان. کریوگر، توانستگەلێکی فکریی زۆری هەبوو، بەڵام سمیرنۆف لە جێی ئەوەی زیرەك بێ، زیاتر شەرمێون و سەرشۆڕ بوو و کەسایەتییەکی لاوازی هەبوو. کەسی یەکەم قسەخۆش و دووهەمینیش ئارام و نەدوێن بوو.

رۆژێك سەفەرێکیان بە شەمەندەفەر بۆ هاتە پێش و لەو سەفەرە دا هەوڵیان دەدا ژنێکی لاو هەڵفریوێنن. کریوگر کە لە پەنای ژنەکەوە دانیشتبوو، بەردەوام خەریکی زمانبازی بوو و یەکڕیز بەقوربان و سەدەقەی ژنە دەبوو بەڵام سمیرنۆف، بێدەنگ بوو و هەر پێڵووی دەتروکاند و لە داخان لێوەکانی خۆی دەلێستەوە. کریوگر لە وێستگەیەکدا لەگەڵ ژنە لاوەکە دابەزی و تا ماوەیەکی زۆر نەگەڕایەوە ناو واگۆنەکە. کاتێکیش کە گەڕایەوە، چاوێکی لە سمیرنۆف داگرت و بە زمانی دەنگێکی وەك چەقەنە لێدانی دەرهێنا. سمیرنۆف بە حەسرەتەوە پرسیاری کرد: برا تۆ لەو جۆرە کارانە دا زۆر شارەزا و لێهاتووی! بە راستی چۆن ئەو کارانەت پێ دەکرێ؟ هەر لە پەنای دانیشتنی خێرا جێبەجێت کرد... تۆ کەسێکی خۆش شانسی.

- تۆش دەتتوانی بێکار دانەنیشی! سێ کاتژمێری تەواو لەوێ دانیشتی و زمانت نەگەڕا و زەق زەق چاوت تێبڕی. وەك بەرد لاڵ ببووی. نا برای من! لەو سەردەمە دا پیاوی بێدەنگ هیچی وەچنگ ناکەوێ. پیاو دەبێ زۆربلێ و زمانباز بێ. دەزانی بۆ هیچ کارێکت لە دەست نایە؟ چونکە دەڵێی داوەشاوی.

سمیرنۆف قسەی رەفیقەکەی قەبووڵ کرد و بڕیاری دا هەڵسوکەوتی خۆی بگۆڕێ. پاش کاتژمێرێك توانی بەسەر شەرمێونیی خۆی دا زاڵ بێ. چوو لە پەنای پیاوێك کە قاتێکی رەساسی لەبەردابوو دانیشت و زۆر بە ورەوە سەری قسەی کردەوە. ئاشکرا بوو کە کابرای بەردەنگیشی پیاوێکی زۆر قسەخۆشە و حەزی لە گەنگەشەیە و هەر بۆیەش خێرا رێژنەیەك پرسیاری جۆراوجۆر بە تایبەت لە بواری زانستیدا بەسەریدا باری. کابرا پرسیاری دەکرد کە ئایا سمیرنۆف حەزی لە زەوی و ئاسمان هەیە یا لە یاساکانی سروشت و ژیانی هاوبەشی کۆمەڵگای مرۆڤ رازییە؟ هەروەها سەرزارەکی لەمەڕ ژیانی ئازادی ئەورووپییەکان و بارودۆخی ژنانی ئەمریکیش پرسیارگەلێکی کرد. سمیرنۆف کە وە زەوق هاتبوو زۆر بە تامەزرۆیی بە شەوقەوە وەڵامی مەنتیقی بەو پرسیارانە دەداوە. بەڵام - بڕوا بکەن - کاتێك پیاوی رەساسی پۆش لە یەکێك لە وێستگەکان قۆڵی گرت و بە بزەیەکی لەبنەوەبڕانە وتی "لەگەڵ منا وەرە"، تووشی سەرسوڕمانێکی زۆر بوو.

به ناچار لەگەڵ کابرای رەساسی پۆش لە شەمەندەفەڕ دابەزی و لەو ساتەوە وەك دڵۆپە ئاوێك كە كەوتبێتە سەر خاكی تینووی بیابان، بزر بوو. دوو ساڵ بەسەر ئەو رووداوە دا تێپەڕی و دیسان ئەو دوو رەفیقە یەكتریان دیتەوە. سمیرنۆف رەنگ بزركاو و لاواز و داهێزاو ببوو ـ تەنیا ئێسك و پێستێكی لێ مابۆوە ـ كریوگر بە سەرسوڕمانە پرسی: ئەوە بۆ كوێ بزر ببوی برا؟

سمیرنۆف بزەیەكی تاڵی هاتێ و باسی هەموو ئەو ئازارانەی بۆ رەفیقەكەی كرد كە لە دوو ساڵی رابردوو دا بەسەریدا هاتبوو.

- دەی زمانت گرێدابا و زۆری لەسەر نەڕۆیشتبای! دەبوایە ئاگات لە قسە كردنت بێ! مەگەر نەتبیستووە دەڵێن زمان لێگەڕێ سەر سلامەتە؟!! پیاو دەبێ زمانی لە پشت ددانەكانی ببەستێتەوە.